کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 7-11-2007 1:24

**چیا یاسین: لەم کۆمەڵگەیەدا ژنان کەمتر خۆیان لەقەرەی کەرتی تایبەت دەدەن.**



کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ یەکێکە لە لەو بابەتانەی کە ئەمرۆ لە زۆرێك لە ناوەندە راگەیاندن و رێکخراوە مەدەنیەکان قسەو باسی زۆری لێوە دەکرێت، بێگومان بەوپێیەی ئافرەت نیوەکەی تری کۆمەڵ پێك دێنێت، دەبینین ئەم رەگەزە لە زۆر رووەوە توانیویەتی بونی خۆی لە زۆر شتدا بسەلمێنێت و هاوشان لەگەڵ رەگەزی بەرامبەریدا جێدەستی خۆی لە زۆر بواری گرنگ بەدیار بخات.

ئەوەی ئیمە لێرەدا مەبەستمانە بیخەینە روو، ئابووری خێزانە و رۆڵی ئافرەتە لە گەشەسەندنی ئەو ئابووری یەو زانینە لەوەی کە ئافرەت تا چەند سەربەستە لە کارکردن و بەدەست هێنانی داهاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیی و خێزانەکەی، یاخود تاچەند داهاتی ئافرەت رۆڵی هەیە لە درووستکردنی خۆشەویستی پێکەوە ژیان و بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەرێتی لە گەڵ هاوسەرەکەیدا.

بۆ ئەم مەبەستە خاتوو چیا یاسین وەك رۆژنامە نووسێك بەم شێوەیە وەلامی ئەم چەند پرسیارەی داینەوە.

دارا بینایی – سلێمانی
binaee3@yahoo. com

*ئافرەتی کورد تا چەند لەرووی ئابوریەوە سەربەخۆیە؟

بوونی ئابوریەکی سەربەخۆی هەر کەسێك بریتیە لەو برە پارەیەی کە لە ئەنجامی کارکردنەوە چنگی ئەکەوێت، کاتێك لە کەرتی تایبەت یان دامودەزگایەکی حکومیدا کا ردەکات و مانگانە برێك پارە وەردەگرێت، کە هەر تاکەو بەپێی جۆری کار و ئاستی خوێندەواری بری پارەکەی دەگورێت.

بێگومان کارکردن تایبەت نیە بەرەگەزێك، بەڵکو بەبێ جیاوازی، کە لە زۆربەی شوێنەکاندا پێکەوەکاردەکەن و ئەرك وبەرپرسیارێتیان لە ئەستۆدایە، باس لەوە ناکەین کامیان کارزانتر و کاراترن یان سست خاون، لێرە بابەتەکە بەدەستخستنی بژێویەوئابوری سەربەخۆیە کە لە ئەنجامی رێکخستنی خەرجی و پاشەکەوتەوە سەرمایەیەك کۆ دەکرێتەوە، کە هیچ کەسێك خاوەنی نیە جگە لەخاوەن کار.

سەربەخۆیی بوونی ژن لە ئێستادا لەرووی ئابورییەوە، جۆرە شێکردنەوەیەکی تری هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵگەیەکین خێزان تیایدا کۆراوەیە وەتا تاکەکان خێزانێکی تردروست نەکەن هەر لەناو بنەماڵەدا دەمێننەوە بۆیە کارکردن سەربەستانە نیە، واتە تاکێکی خێزان بۆی نیە سەربەستانە بریار لە کارکردن لەدەرەوەی خێزان بدات، خێزان هەمویان کەم تا زۆر بریاردەرن لەوەی کە تاکی خێزانەکەیان کام جۆرە ئیشەو لە کوی ئەیکەن، ئەمەش زیاتر ئەگەرێتەوە بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان، کە زۆربەی خێزانەکان رێگەنادەن منداڵەکانیان بەتایبەت کچەکانیان لە هەندێك جیگە کاربکەن، بەتایبەت کە سنوری کارکردنی ژن لەم کۆمەڵگەیەدا پابەندە بەدامودەزگا حکومیەکان و کەمتر خۆیان لەقەرەی کەرتی تایبەت دەدەن، رەنگە ئەمەش هۆکاری ئیجابی خۆی هەبێت بەهۆی ئەو یاساینەی کە پەیوەندیدارە بەفەرمانبەرێك و ساڵی کارکردن و بەرزبوونەوەی موچەو ئەو ئیمتیازانەی کە دەیدرێتی وەك خانەنشین بوون و شێوازی مۆڵەت وەرگرتن و پێدانی زەوی و ....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەروەها دڵنیابوون لەوەی لە دامودەزگای حکومەت کەمتر ڕوبەڕوی قۆرخ کردن دەبێتەوە لەلایەن بەرپرسانی ارەوە، هیچ کاتێك هەرەشەی لێناکرێت بە لێسەندنەوەو دەرکردنی لەکار مەگەر بە بڕیارێك' ئەویش کەمترین فەرمانبەر ڕوبەڕوی ئەوە دەبنەوە.

ئێمە کۆمەڵگەیەکمان هەیە لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە پابەندین بە ئاییێ لەسەر باوکی فەرزی ئەکات کە ئەبێت هەتا کچەکەی لەماڵەکەیدا بێت بەخێوکردنی لەسەر ئەوە، وەکاتێکیش هاوسەرگیری ئەکات بەهەمان شێوە لەسەر مێردەکەیەتی نەفەقەی بکات و پێداویستیەکانی دابین بکات، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی وای لە ژن کردوە لەناو چواردیواری ماڵ قەتیس ببێت و پیاویش کردویەتیە بیانویەك کە من هەموو پێداویستیەکت دابین ئەکەم تۆ لەدەرەوەی ماڵ کارمەکە، بەتایبەت ئەو پیاوانەی لەڕوی مادیەوە داهاتێکی باشیان جنگ ئەکەوێت، ئەگەر چی ژنەکانیشیان حاوەن بڕوانامەن بەڵام بەهەر بیانویە بقێت قەناعەتی بەژنەکەی ردوە کە کاری ناماڵ گرنگترە.

کاتێك باس لەوە دەکەین ژنی ماڵ یان ژنێك لەدەرەوە کار دەکات کامیان سەربەخۆیی ئابوریان هەیە؟؟؟؟ ئەمە هەندێك تێکەڵاوی تیایە، چونکە ژن هەیە ژنی ماڵە بەس لە ماڵەوە خەریکی دورومان و دەست ڕەنگینیە ئەم ژنە کار دەکات و دەتوانێت تا ڕادەیەك بەو پارەیەی دەستیدەخات سەربەخۆییەکی ئابوری خۆی هەبێت وبتوانێت پێداویستی خۆی و منداڵەکانیشی پێبەڕێوە ببات.

*تاچەند جیاوازی دەکەیت لە نێوان خۆت کە خاوەن داهاتێکی سەر بەخۆیت لەگەڵ ژنێکی ماڵەوەدا؟

بێگومان جیاوازی هەیە جیاوازییەکەش فرەلایەن و بوارە ڕەنگە لەڕووی عەقڵیەوە ژنێك کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکات بیرکردنەوەیەکی فراوانی هەبێت، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، کەسێکی تاڕادەیەك هۆشیارە بەرامبەر بە مافەکانی وەك مرۆڤێك لەوانەش گرنگتر هەست بەبوونی خۆی دەکات لەڕووی مەعنەویەوە لەناو کۆمەڵگەدا، بۆ نمونە من کەسێکم کار دەکەم ئەمەش لەڕوی مەعنەویە سودی هەیە بۆ من چونکە کار کردنیش یەکێکە لەو بنەمایانەی کە ژن بوونی خۆیی پێدەسەلمێنێت لەناو کۆمەڵگەدا و ئەو بڕەپارەیەی جنگم دەکەوێت ئەنجامی کارو هیلاك بوونی خۆمە، هەر خۆشم خاوەنیم و بڕیار دەدەم چۆن خەرجی دەکەم.

ئەگەر نمونەیەك بهێنینەوە، ڕەنگە زۆرجار ژنێك ببینین کە ژنی ماڵەو بەڵام ئەو خەرجیەی ئەو دەیکات ژنێکی تر نایکات کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکات، ئەمە ڕەنگە لەڕووی مادییەوە ئەو ژنەی لەماڵەوەیە خەرجیەکی زۆرتر ئەکات و جلوبەرگێکی گرانبەهاتر بپۆشیت بەبەراورد بەو ژنەی کە کەلەدەرەوە کار دەکات، بەڵام لەڕوی مەعنەویەوە ئەو ژنەی کە بە پارەکەی خۆی پێداویستیەکی خۆی دابین دەکات دڵشاد ترە و زۆرتر ئەو شتەی کە کڕیویەتی بایەخی پێدەدات و قەدری دەگرێت، چونکە پێوەی هیلاك بوە، تا ڕادەیەك فێری ڕێکخستن بوە لە نێوان خەرجی و داهات و پاشەکەوتدا، بەڵام ژنێك کە خەرجیەکی لە گیرفانی مێردەوەیە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی نیە، چونکە هەمیشە وا هەست ئەکات ئەو پێداویستیانەی بۆی دابین دەکرێت وەك مەرجێکە یان فەرزێکە لەسەر پیاوەکەی و پاداشتێکی پیاوەکەیەتی بۆی و پێوانەی باشی و خراپی و خۆشەویستی و مامەڵەی هاوسەرەکەی بەو خەرجیە دەکات.

*ژنێك کە خاوەنی داهاتێکی سەربەخۆی بێت تاچەند جێگای گرنگی پێدانە لەلای هاوسەرەکەی لەوەی ژنی ماڵ بێت؟

بێگومان لەهەموو خێزانێکدا ئاستی ڕۆشنبیری لەپێش باشی باری ئابورییەوە کاریگەرەی هەیە لەسەر ژیانی خێزانی و ڕێکخستنی بوارەکانی تری پێکەوە ژیان، کاتێك خێزانێك کە ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بێت هۆشیار بن بەرامبەر بە ڕێکخستنی ئابوری خێزان، جیاوازە، بەڵام نەك لەڕووی ئەوەی ببێتە جێی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بایەخی هاوسەرەکەی، بەڵکو ڕەنگە زۆر جار هاوسەر کارئاسانی بۆبکات بۆ هەڵسوراندنی هەندێك کاروبارو ئەرکی سەرشانی، بۆ نمونە هەردووك پێکەوە ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ دەگرنە ئەستۆ لە زۆربەی کاتەکاندا کار دابەشدەکەن، بۆنمونە یەکێکیان منداڵەکەیان دەبات بۆ باخچە ئەوی تر دوای دەوام دەچێت دەیهێنێتەوە، ئەمە تەنها نمونەیەکە کە ئیتر بۆ زۆر لە کارەکانی تریش بەهەمان شێوە. ئەمەش پێی ناوترێت بایەخپێدانی مێرد بە ژن بەڵکو ئیعتراف کردنە بەژن و پێویستی بوونی بۆ کارکردنی ژنە لەدەرەوەی ماڵ، پاشان مێردیش ئەو خۆشگوزەرانیە مادییە دەبینێت کە ژنەکەی هاوبەشی دەکات لە خەرجکردنیدا، کە هەردووك پێکەوە جێگەدەستیان هەیە لە پێکەوەنانی ماڵێکدا، بێگومان مامەڵەکە جوانتر و شیاوتر دەبێت، چونکە پیاوەکەش هەست بە ماندووبوونی ژنەکەی دەکات لە کارکردندا، هەروەها ئەو ژنە بەکارکردنی لەدەرەوەی ماڵ بوونی خۆی دەسەلمێنێت بۆ کۆمەڵگەو خێزانەکەشی و هاوسەرەکەشی، هەموو ڕۆژێکی کارکردن بۆ بەدەستخستنی بژێوی، لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە سود بە توێژی ژن دەگەیەنێت، کەوای لێدەکات لەئەنجامی ئەو تێکەڵاویەی لەگەڵ هاوکارەکانی و کارە خزمەتگوزارییەکانی چاوی بکرێتەوەو بتوانێت مامەڵەی جوان لەگەڵ بەرامبەر بکات و بەرامبەریش ئیجبار بکات بەوەی مامەڵەی شایستەی لەگەڵدا بنوێنرێت، بێگومان ئەمە لە ناو خێزانەکەی خۆشیدا ڕەنگ دەداتەوە.

*پێت وایە ئەگەر ژن خاوەن لایەنی ماددی خۆی بوو خۆشەویستیەکی زیاتر بەدەست دەهێنێت لەلایەن هاوسەرەکەیەوە؟

هەروەك باسمکردئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە زۆر کاریگەری هەیە بۆ گشت بوارەکانی ژیان، ئەزانی لەگەڵ ڕۆشنبیری خێزاندا لایەنی ئابوریش ڕۆڵی خۆی دەبینی، بەتایبەت لەناوچەی ئێمەدا کە تاکەکان خاوەنی سەرمایەی کۆکراوە نین و یان بەگەڕخستنی سەرمایەیەك کارێکی ئاسان نیە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ناوچەی ئێمە هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی ژێرخانی ئابوری دراوە لەلایەن دەورووپشت و داگیرکەرانیەوە، تازە بەم دواییانە هەوڵێك هەیە بۆ بەرەوپێشچون لە بواری بازرگانی و ئابوریدا، ئەوەی هەیە و نیە بەزۆری ئەو برە پارەیەیە کە لە ئەنجامی کاری مانگێك چنگیان دەکەوێت، بۆیە بەدەستخستنی سەرمایە کارێکی ئاسان نیە بۆ ڕەگەزی نێر کە (دیارە بازرگانی وەك پیشەیەك زیاتر پیاوان پێوەی خەریکن)، چجای ژنێك ببێتە خاوەنی سەرمایە، ئەوەی ژن هەیەتی پاشەکەوتی داهاتی بژێویەکەیەتی، ئەگەر بێینە سەر ئەوەی ئایا خۆشەویستر ئەبێت یان نا، کارکردنی ژنان هێشتا نەبۆتە پێویستیەکی ژیانی خێزانێك، بە پێچەوانەوە ڕەنگە زۆرێك لەو ژنانەی لەدەرەوە کار دەکەن شەڕی زۆریان کردبێت تا ڕێگەیان پێدراوە بێنە دەرەوە، بۆ نمونە ڕەنگە هەموو سکوزا و منداڵبوونێك هەرەشە لەکارکردنی ژن بکات لەدەرەوەی ماڵ لەلایەن هاوسەرەکەیی و خێزان و کۆمەڵگەشەوە، تەنانەت خودی ژن خۆشی، ڕەنگە گەنجی ئێستا بیر لەوە بکەنەوە کە ئەگەر ژیانی هاوسەرییان دروستکرد لەگەڵ ژنێکدا دروستی بکەن کەلەدەرەوەی ماڵ کاردەکات و بژێویەکی هەیە، چونکە ڕێژەی خەرجی لەناو خێزاندا زۆر بەرز بۆتەوە بەشێوەیەك لەگەڵ دەستخستنی بژێویدا هاوتا نابنەوە، بەڵام ناتوانین کارکردن یان نەکردنی ژن لەدەرەوەی خێزان بچوك بکەینەوە بۆ چوارچێوەی خۆشویستن لەلایەن هاوسەرەوە ئەگەر کاربکات یان ژنی ماڵ بێت، پەیوەندی هاوسەرێتی زۆر لایەنی گرنگی تر ڕۆڵی تێدا دەبینێت.

* کۆمەڵگەی کوردی چۆن لەو ژنانە دەڕوانێت کە لەدەرەوەی ماڵ کار دەکەن؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەتوانیت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاپرسیە ئەنجامبدەین بزانین کۆمەڵگە چۆن لەو ژنانە دەڕوانێت کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن، من ناتوانم لەجیاتی کۆمەڵگە بدوێم، بەڵام دەکری هەندێك بیروڕا یان ڕونکردنەوە لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگە بوترێت لەو بارەیەوە.
پێشتر ئاستەم بوو بۆ ژنێك بخوێنێت و بتوانێت هەموو قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، بەڵکو زۆرینەی خێزانەکان ڕێگربوون لەبەردەم خوێندنی ژناندا، ئەوە کارکردن هەر قەدەغە بوو بۆ ژن، هەندێك بنەماڵە هەبوون کەڕێگەیان بەکچەکانیان دەدا تا قۆناغێك بخوێنن بەڵام بۆ ئەوەنا کاربکەن لەدەرەوەی خێزان، بەڵکو وەك ئەوەی خوێندەوارییان هەبێت، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری زۆر بەسەر خێزانەکاندا هاتووە و خێزانەکان کارئاسانی بۆ کچەکانیان دەکەن کە بتوانن هەموو قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکەن و بڕوانامەی بەرز بەدەستبهێنن، زۆرینەی ئەو کچانەی کە بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگایان هەیە زۆربەیان لەدەرەوەی شارەکەی خۆیان خوێندویانەو دەخوێنن، ئەمەش گۆڕانکارییەکی باشە کە بۆ ماوەیەك لە خێزان دوردەکەونەوەو دەتوانن لە دابینکردنی زۆرێك لە پێداویستیەکانیان پشت بە خۆیان ببەستن، کە لەپاشەڕۆژدا بۆ گشت پێداویستیەکانیان متمانەیان بەخۆیان دەبێت.

*پێت وایە ئەو ژنەی لەدەرەوە کاردەکات بتوانێت لەلای خێزانەکەی ببێتە خاوەنی بڕیارێکی سەربەخۆ و زیاتر گوێ لەبۆچونەکانی بگیرێت؟

بێگومان هەبوونی پارە و خەرجکردنی لەدەوروبەردا ئەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە بتوانیت بڕیار بدەیت و گوێ لەبۆچونەکانت بگیرێت، چونکە لەزۆربەی کاتەکاندا چاکسازی پێداویستیەکانی ماڵ و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبون بۆ باشتر ئەمانە هەمووی شتێکی هەستپێکراوە، ە ئەگەر کچێکی ناو خێزانەکە یان هاوسەرێك ئەنجامی بدات ئەمانە هۆکارن بۆ پێدانی متمانەو گوێگرتن لە بیروڕاکانی، ئابوری بوارێکی زۆر گرنگی ژیانە دەتوانین ئەگەر بیکەینە تای تەرازویەکەوە لەگەڵ زۆر لەو شتانەی کە پەیوەستە بەخێزانەوە ئەوا لایەنی ئابورییەکە پارسەنگ و قورستر دەبێت، تەنها لە تەندرووستی جەستە لەپێشتر نیە.

*لەڕوی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەوە هیچ جیاوازیەك دەبینی لە نێوان ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان خاوەنی داهاتی خۆیانن لەگەڵ ئەوانەی کە ژنەکانیان لە ماڵەوەن؟

بێگومان ئەو پیاوەی کە ژنەکەی خاوەنی بڕە پارەیەکە ئەو کاتەی دەیانەوێت پێداویستیەکی ماڵ بکڕن یان دابین بکەن ئەوا بە ڕێککەوتنی هەردوولا ئەبێت،
چونکە گونجاندن و خۆشەویستی نێوان هاوسەرەکان بەو شتانە پێوانە ناکرێت، ڕەنگە پیاوێك ژنەکەی لەماوەی ژیانی هاوسەریدا بەشداری مێردەی نەکردبێت بە دینارێك، بەڵام بەهەموو دنیاشی نادات، ئەو پرسیارە هەندێ نامەفهومە بۆیە ناتوانم خۆم جیاوازیەکە دیارییکەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.